# ( ٨ ) ی مارت ڕۆژی ئافرەتان ، ڕۆژی خەباتی چینایەتی

ئاسۆ شابان _ هۆڵەندا
٠٣ / ٠٣ / ٢٠٠٥
a_shaban1@hotmail.com

**١٩٠٧ شتوتگارد**

یەکەم کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ئافرەتانی سۆسیالیست .

**١٩٠٨ نیوۆرک**

لە ( ٨ ) ی مارتدا هەزارەها کرێکاری بەشی پارچە چنین گەورەترین خۆپیشاندانو مانگرتنیان ڕێکخست .

**١٩١٠ کۆپن هاگن**

دووەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ئافرەتانی سۆسیالیست ئامادە کرا ، بڕیاردرا کە هەموو ساڵێك ، ڕۆژی جیهانی ئافرەتان ڕێك بخرێت ( هێشتا ئەم ڕۆژە نەبووبوە ڕۆژێکی جێگیر ) .

**١٩١١**

بۆ یەکەم جار ڕۆژی جیهانی ئافرەتان لە هەندێ وولات خۆئامادەکردنو ڕێکخستنی بۆ سازکرا ، وەك ( ئەڵمانیا ، ئۆستنڕایك ، دانیمارك ، سویسرا ، ئەمەریکا ) .

**١٩١٢**

بۆ یەکەم جار لە هۆڵەندا ڕۆژی ( ١٢ ) مارت کرایە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان .

**١٩١٤**

هەزارەها خۆپیشاندان دژی مەترسیو کارەساتەکانی جەنگو دەستگیرکردنی هاوڕێ ( Rosa Luxemburg ) سازو ئامادەکرا .

**١٩١٧ سانت پیتەرسبۆرگ**

کرێکارانی بەشی پارچە چنین مانگرتنیان سازدا ، بۆ یەکەم جارو لە ( ٨ ) ی مارتدا ، لە ژێر ڕابەرایەتی ( Alexandera Kollontai ) دژی نالەباری بارودۆخی کارکردن ، مانەوەو بەردەوام بوونی هەزارەها ئافرەتو خۆڕێکخستنی گەورەترین مانگرتنو

خۆپیشاندان دژی شەرو کەم خۆراکی ، تا ئەم کاتەش مانگرتنی گشتی پەیوەندی بەکارەوە هەبوو .

**١٩٢١**

لە یادی بەرز ڕاگرتنی ڕووداوەکانی سانت پیتەرسبۆرگی ( ١٩١٧ ) دا ، سکرتاریەتی نێونەتەوەیی ئافرەتان لەسەر ئاستی سێهەم کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی ، ( ٨ ) ی مارتیان بە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان ، بە ڕۆژێکی جێگیر ناساند .

**١٩٢٢**

لەم ساڵە بەدواوە ، ( ٨ ) ی مارت وەك ڕۆژی جیهانی ژنان ، تەنها لەلایەن ئافرەتە کۆمۆنیستەکانەوە سازو ئامادە دەکراو یاد دەکرایەوە .

**١٩٧٨**

ئەمەریکا لەم ساڵەدا ( ٨ ) ی مارتی بە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان بە ڕەسمی ناساند .

لە ساڵی ( ١٩١١ ) بە دواوە ، ڕۆژی جیهانی ئافرەتان قسەوباسی لەسەر کراو خۆئامادەکاری بۆ سازکرا ، بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی( ١٩١٢ ) لە هۆڵەندا .

لە سەرەتادا هەر یەك لە وولاتە جیا جیاکان ، ڕۆژێکی تایبەتیان بۆ ئەم بۆنەیە دەست نیشان کرد ، بۆ نموونە لە هۆڵەندا ( ١٢ ) ی مارت بوو ، بەڵام لە ساڵی(١٩٢٢) دا ، ( ٨ ) ی مارت ، بە شێوەیەکی بەردەوام بە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان دەست نیشان کرا .

دوو خوێندنەوەی جیاوازمان بۆ دەست نیشان کردنی ( ٨ ) ی مارت بەر گوێ کەوتووە . بۆ چوونێك کە پەیوەندی بە ڕووسیاو ئەوی تریان بە ئەمەریکاوە هەیە .

* - خوێندنەوەیەك کە پەیوەستە بە مانگرتنەکانی کرێکارانی بەشی پارچە چنین لە نیوۆرك لە ( ٨ ) ی مارتی ( ١٩٠٨ ) دا ، کرێکاران ڕژانە سەر شەقامەکانو گەورەترین خۆپیشاندانیان سازدا ، دژی ( کاتی کار ، کەمی مووچە ، خراپی باروودۆخی کارکردن) ئەمەیان زیاتر ڕێی تێدەچێت بۆ بە ڕەسمی ناساندنی ( ٨ ) ی مارت وەك ڕۆژی جیهانی ئافرەتان .

لە ساڵەکانی ( ٥٠ ) ی سەدەی بیستەمداو لە سەردەمی جەنگی سارددا ، لەو وولاتانەی کە بەناو سۆسیالیست بوون ، یادی ئەم ڕۆژە ساڵانە دەکرایەوە .

- خوێندنەوەی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ مانگرتنو خۆپیشاندانە مەزنەکانی ( ٨ ) ی مارتی ( ١٩١٧ ) ی ئافرەتانی سانت پیتەرسبۆرگ ، لە کاتێکدا ڕێکەوتن لەسەر

یادکردنەوەی ساڵانەی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ( ١٩١٠ ) .

## یەکەم کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ئافرەتە سۆسیالیستەکان ١٩٠٧

لە ( دووەم ئینتەرناسیۆنال )* ی ( ١٨٨٩ ) لە پاریس ( Clara Zetkin ) وەك نوێنەری پارتی سۆسیالیستی ئەڵمانیا دەست نیشانی ئەوەی کرد کە سۆسیالیزم بەبێ بەشداربوونی ئافرەتان مەحاڵە خۆی ڕاگرێ ، پیاوانیش دەبێت لەگەڵ ئافرەتاندا شان بەشان لە پێناو ئامانجەکانی ئافرەتاندا خەبات بکەن .
ئەو بەگەرمی سەرقاڵی خەبات کردن بوو لە پێناو سۆسیالیزمو ئافرەتاندا ، بۆیە بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئافرەتانی بە پێشنیارێکی زیندوو زانی .
بۆ چەند ساڵێك خۆی سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەی ( Die Gleichheit ) سۆسیالیستی ئافرەتان بوو .
پاشان لە ساڵی ( ١٩٠٦ ) لە ( Mannhein ) زۆربەی ئافرەتە سۆسیالیستەکانی ئەوروپا کۆبوونەوە لە پێناو جیهانی کردنەوەی بزووتنەوەی ئافرەتاندا .
لە ساڵی ( ١٩٠٧ ) دا لە ( Stuttgart ) لەسەر ئەوە پێکهاتن کە کۆنفرانسی ئافرەتانی سۆسیالیست سازو ئامادەکەن .
چەند ڕۆژ پێش (( دووەم کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ئافرەتانی سۆسیالیست )) ، لەسەر ئەوە پێکهاتن کە لە کۆنفرانسدا جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە هەموو ئەو یاسایانەی پیاوان لێی بەهرەمەندن ، دەبێت ئافرەتانیش بەهەمان شێوە لێی بەهرەمەند بن ، دواتر ئەم کارەیان لە کۆنفرانسدا بە ئەنجام گەیاند .

## دووهەم کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ئافرەتانی سۆسیالیست ١٩١٠

لە ساڵی ( ١٩١٠ ) دا لە ( Kopenhagen ) دووهەمین کۆنفرانس ئامادەکرا ، جەخت لەسەر گشتی کردنەوەی یەکسانی پیاوانو ئافرەتان لە یاساکاندا کراو ، قسەو باس لەسەر دەست نیشان کردنی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان کرا ، لە ڕاستیدا پارتی سۆسیالیست وەك پراکتیك زۆر نەدەهاتە ژێر یەکسان کردنەوەی یاساکانی پیاوانو ئافرەتان ، بەڵام ( Clara Zetkin ) تەواو جەختی لەسەر خەبات کردن لە پێناو ڕۆژی جیهانی ئافرەتانو یەکسانی یاساکانی نێوان ئافرەتانو پیاوان کردەوە .
ئەو توانی لەم کۆنفرانسەدا تاکتیکێك بەکار بهێنێت بۆ دەست نیشان کردنی ڕۆژی

جیهانی ئافرەتانو خۆئامادەکردن بۆ خۆپیشاندانو خەبات بۆ ئەم داواکاریانە ، بانگەشەی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان لەو کۆنفرانسەدا بووە سەرەتایەك بۆ ناساندی ئەو ڕۆژە .

لە هۆڵەندا لە مارتی ( ١٩١٢ ) دا بۆ یەکەم جار ڕۆژی جیهانی ئافرەتان دەست نیشان کرا ، ڕێکخستنی ئەم ڕۆژەش بۆ یەکەم جار لەلایەن ئافرەتانی سۆسیال دیموکراتەکانەوە بوو .

بۆ یەکەم جار لە ژمارەیەکی تایبەتدا لە ( De proletarische vrouw ) بڵاوکرایەوە.







پاش شۆڕشی ڕووسیا یەکانگیرکردنی بزووتنەوەی ئافرەتان لەگەڵ ( کلارا زێتکین ) دا لەگەڵ ئافرەتانی سۆسیال دیموکراتەکاندا ئامادەکرا ، ڕێکخراوکردنو ئامادەکاری ساڵەکانی ( ١٩٢٠ بۆ ١٩٢٤ ) ی ڕۆژی جیهانی ئافرەتانی لە ئەستۆ گرت ، پاشان ڕۆژی جیهانی ئافرەتان جێگیر بوو ، پاش دەرئەنجامی کۆتایی ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکانو سۆسیال دیموکراتەکان .

## ڕۆژی جیهانی ئافرەتان پاش جەنگی جیهانی دووهەم

پاش جەنگی جیهانی دووهەم ، تەنها ئافرەتە کۆمۆنیستەکان ڕێکخراوبوونی ڕۆژی جیهانی ئافرەتانیان لە ئەستۆ گرتبوو ، لە کاتێکدا کۆمۆنیستەکانی بزووتنەوەی ئافرەتانی هۆڵەندا ( NVB )* ئەم کارەیان لە ( ٨ ) ی مارتدا نەدەکرد .



*NVB-krant* Internationale Vrouwendag 1954

لە پاش ساڵی ( ١٩٦٠ ) بە دواوە ، بزووتنەوەی ئافرەتانی هۆڵەندا بۆ ماوەی ( ٥٠ ) ساڵ ڕۆژی جیهانی ئافرەتانیان ڕێك دەخست ، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی پەرتووکێك بە ناوی :
( Baanbreeksters _ Levensgeschiedenissen van strijdbare vrouwen )

بنەمای دەست نیشانکردنو باسکردنی ( ٨ ) ی مارس دەگەڕێتەوە بۆ مانگرتنو خۆپیشاندانەکانی ( ٨ ) ی مارتی ( ١٩٠٨ ) ی کرێکارانی پارچە چنین لە نیوۆرك ، ئەم ڕۆژەش خۆی لە خۆیدا ڕۆژێکە بۆ برەوی خەباتی چینایەتی لە جیهاندا .
( فمینیستەکان ) ی ئەمەریکاو خۆرئاوای ئەوروپاش ( ٨ ) ی مارت وەك ڕۆژی جیهانی ئافرەتان ، دەگەڕێننەوە بۆ مانگرتنەکانی ( ٨ ) ی مارتی ( ١٩٠٨ ) ی نیوۆرك .
لە پاش ساڵەکانی ( ١٩٧٠ ) ەوە ، ( ٨ ) ی مارت بووە ڕۆژێکی گشتی بۆ سەرجەم هەموو ئافرەتانی جیهان بەبێ جیاوازی ، خەباتو خۆڕێکخستنی سۆسیالیستەکان دژی قووربانیەکانی ئافرەتان لە شوێنەکانی کارو ، کارەساتەکانی جەنگو ، کێشەی خێزانو لەش فرۆشیو ، زەوتکردنیانو ، نایەکسانی ئەوان لە بوارەکانی ژیاندا لە دنیای سەرمایەداریو وڵاتە دواکەوتووەکاندا ، خەباتو خۆڕێکخستنێکی سەرتاسەری جیهانی دەوێت .
لە ساڵی ( ١٩٧٥ ) بە دواوە ( ٨ ) ی مارت کرایە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان لە سەرتاسەری هەموو جیهاندا ، بەڵام پاش ( ٣ ) ساڵ لە ئەمەریکا بۆ هەمیشەیی جێگیر بوو .




==============================================================

*- ( دووەم ئینتەرناسیۆنال ) ڕێکخراو بوونێك بوو لە نێوان کرێکارانی سۆسیالیستو هاووپشتی نێونەتەوەیی .

*- ( NVB ) واتە ( Nederlandse Vrouwenbeweging ) .

*- بەروارو هەندێ زانیاری ئەم باسە لە ئارشیفی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی هۆڵەنداوە وەرگیراوە :

(http://www.internationalesocialisten.org/)